


بۆ یەکەمجار لڤین
دەچێتە ناو ژیانی
تایبەتی مەریوان وریاوە

## مەریوانی وریا قانع

# کوڕە شیکەکەی گۆڤاری ڕەهەند

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی و یاسین عومەر
فۆتۆ کەمال عەلی خەیات
flikri.net

● وەك خۆی دەڵێت "من کەسێکم قسەم خۆش نییەو موجامەلە ناکەم"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکە پڕە لە میهرەبانیو هەستی ئینسانیانە. مەریوان وریا قانع ئەو رۆشنبیرەیە کە پڕە لە حیکایەتو سەرگوزشتەی نیشتیمانێك کە عەیامێکە هەڵدەوەرێتو دەشکێت. ئەو قاچێکی لە خۆشەویستی نیشتیماندایەو قاچێکی تری لە هەرێمی رەخنەلێگرتنیدا. یەکەم دانیشتنی ئێمە لەگەڵ ئەودا پڕیەتی لە چیرۆكو بەسەرهاتی جوان، پڕە لە منداڵییەکی دڵشکاوانە، پڕ لە فیگەری منداڵێکی سەرگەرم بە پرسیارو گومان. مەریوانی وریا قانع لەگەڵ گێڕانەوەی هەر بەسەرهاتێکیدا هەڵوێستەیەکی دەکردو تێبینیە تایبەتەکانی خۆی لەبارەی ئەو بەسەرهاتانەوە دەخستەڕوو، زوو زوو (بارین)ـی کچی پرسیارێکی منداڵانەی جوانی دەکردو باوکیشی بە گرنگیپێدانێکی تایبەتییەوە وەڵامی دەدایەوە. رەنگە قسەکردن لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا جا لە هەر پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیو رۆشنبریدا بێت، چێژی خۆی هەبێت، بەڵام لەگەڵ مەریوانی وریا قانع گفتوگۆکردن چێژێکی زۆر تایبەتی هەیە، ئەو گاهێك بە بەسەرهاتی خۆشو گاهێك بە چیرۆکی خەمبارانە گفتوگۆکانی پاراودەکات. لەم گفتوگۆیەدا نەمانویست لەسەر بابەتی فیکری رووتو ئەکادیمی بوەستین، بەڵکو زۆرتر لەسەر لایەنی ژیانی تایبەتی مەریوانو لایەنە شاراوەکانی وەستاوین. لەم بەشەدا لەسەر قۆناغی منداڵی ئەم رۆشنبیرەمان وەستاوینو رەنگە بۆ بەشی دووەمیش درێژەبکێشێت. مەریوان وریا قانع لای هەموومان ناسراوو خۆشەویستە، بەڵام ئەوەش کەمێکە لە منداڵی ئەو کە رەنگە بۆ زۆرێك لە خوێنەرانی مەریوان شاراوەو چێژبەخش بێت..







**لڤین: کۆنترین یا دوورترین بەسەرهاتێکی منداڵی کە بیرت مابێت، چییە؟**

**مەریوان وریا:** کۆنترین شتێکی منداڵی بیرمبێت ئەوەیە کە ئەوکات ماڵمان لە هاربڕ بوو (دێیەکە لە ناوچەیەی شلێرو ناوخوان)، من ئەوکات تەمەنم لەنێوان سێ بۆ چوارساڵیدا بوو. باوکم لەگەڵ چەند کەسێکی تر چووبوون بۆ راو، لەو راوکردنەدا ورچێکیان کوشتبوو، پەتێکیان بە ورچەکەوە بەستبووو هێنابوویانەوە بۆ ناو دێکەو هەموو خەڵکی دێکە لە ورچەکە کۆببوونەوە، ئیتر لەناو خەڵکەکەشدا بەزۆری منداڵان هاتبوون بۆ بینینی ورچەکە، هەندێك لە خەڵکی دێو منداڵەکانیش دەچوونە سەر سکی ورچەکەو هەڵدەپەڕین، بەڵام من بەهیچ جۆرێك لە ورچەکە نزیك نەبوومەوەو نەچوومە سەر سکی. باوکم لەوێدا زۆر لێم تووڕە بووو وتی دەبێ لەگەڵ منداڵەکانی تردا هەر بچیتە سەر سکی ورچەکە، بەڵام من نەچوومو باوکیشم سوربوو لەسەر ئەوەی دەبێت هەر بچم، پاش ئەوەی کە من سوربووم لەسەرئەوەی کە نەچم، لێیدامو بەگریانەوە بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. من ئەو دیمەنەم زۆر بەلاوە سەیربوو، ئەو ورچە گەورەیە کوژرابوو کە لە مرۆڤێك گەورەتربوو، وەکئەوەی بیرم ماوە ورچەکە لە باوکم گەورەتربوو.

**لڤین: هۆکاری ئەو نەچوونەت بۆ سەر سکی ورچەکە لە چییەوە هات، هەستکردن بوو بە نزیکییەک لە دنیای ئاژەڵان یان شتێکی دی؟**

**مەریوان وریا:** من کە ئێستا بۆ خۆم بیر لەوە دەکەمەوە نازانم بۆچی نەچوومە سەر سکی ئەو ورچە، لەوەش تێناگەم پاڵنەری ئەو نەچوونە لەوکاتەدا چییە، بەڵام لەوکاتەدا زۆر بەلامەوە سەیربوو بچیتە سەر سکی ئاژەڵێکی وا گەورە. جارێ هەر لە سەرەتاوە بەلامەوە سەیربوو کە ئەو ئاژەڵە گەورەیە کوژرابوو، ورچەکە خوێنێکی زۆر بە لاملو شانەکانو دەموچاوییەوە بوو. دیاربوو فیشەکێکی زۆریان پێوەنابوو. لەو کاتەدا من هیچ ترسێکم نەبوو، چونکە منداڵی زۆر لەمن بچوکتر هاتبوون بۆ سەیری ورچەکە.. ئێستا ئەو رووداوە وەك خەیاڵێکی زۆر دوور؛ وەکئەوەی لە شوێنێکی تر، لە ژیانێکی ترەوە هاتبێت، لە بیرمدایە، بەڵام بەتەواوەتی نازانم بۆچی نەچوومە سەر سکی ئەو ورچەو تەفسیرێکم پێنییە، ئێستا دوای ئەوەی کە گەورە بوومو خاوەن سایکۆلۆژیایەکی دیاریکراوم، دەتوانم تەفسیرێکی عەقلانی بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆم بکەم، بەڵام بۆ ئەو ساتەوەختە نازانم چ پاڵنەرێك رێگربووە لەوەی نەچمە سەر سکی ئەو ئاژەڵە، ئەوە یەکێکە لەو نهێنییانەی کە تائێستا سەرم لێدەرنەکردووە.

**لڤین: پێتوانییە لە پشت ئەو هەڵوێستەتەوە پاڵنەرێکی غەریزی ناوەوەت هەبووبێت؟**

**مەریوان وریا:** ئەو رووداوە رووداوێکی ئەوەندە نامەئلوفە؛ یەکێکە لەو رووداوانەی کە بەدەگمەن نەبێت روونادات، رووداوێکە کاتێك دێت ئەو فەزا مەئلوفەی کە من لە منداڵییدا هەمە تێکیدەدات. لەو کاتەدا ئاژەڵ لە زیهنی مندا بوونەوەرێکی زیندووە لە شاخەکانداو مەترسی هەیە بۆ منداڵ. من لەوکاتەدا لە باوکم دەبیست کە ورچ منداڵی رفاندووە، منداڵ هەبووە کە ورچ رفاندوویەتیو هەرلای ئەو گەورە بووەو ئیتر ئەو منداڵە دوایی نەیزانیوە قسەبکات. ئەمەو زۆر حیکایەتی ترم دەبیست لەبارەی ئەو ئاژەڵانەوە کە لەو ناوەدا هەبوون،

